# کچە هەولێری ... شێروان بێدڵ

جوانی کچە هەولێری
نایگۆڕمەوە بە زێڕی
بۆ گوڵی بەهار چی یە
خۆی بە تۆ بشوبهێنی
کچی هەولێری گیانم
ئەی ڕۆشنایی چاوانم
تۆی پەپولەی جوانم
تۆی گوڵی ناو باخانم
کچی هەولێر بەڕێزن
ژیانمان دەپارێزن
شەنگەبێری و شەدە لار
گوڵی ناسکی بەهار
تا بڵێی پاك و جوانن
دڵ ڕەشی هیچ نازان
ئەی کچی نیشتیمانم
بۆت شێتم سەرگەردانم
کچی هەولێر ناسکە
ڕوح بەرە دەزگیرانم
جوانی کچە هەولێری
نایگۆڕمەوە بە زێڕی
لەلێوی بەهار دیارەو
گوڵم لەبۆ دەنێری